## سەرەڕای هەوڵەکان بۆ قەدەغەکردنی

# دیاردەی فرەژنی ڕوو لە زیادبوونە

## " پیاو پارەی هەبوو، یان ژن دەهێنێ یان پیاو دەکوژێ "

ڕاپۆرتی سالار مەحمود و شیلان محەمەد



فرەژنی هۆکاری بەشێکی زۆری کێشە کۆمەڵایەتییەکانە

" دەمێك بوو حەزم دەکرد ژنێکی تر بهێنم، بەڵام نەمدەوێرا لای ژنی یەکەم باسی بکەم، بۆیە بۆ ماوەی دوو هەفتە ژنی یەکەمم ناردەوە بۆ ماڵی باوکی و لەو دوو هەفتەیەدا ژنێکی ترم هێنا، کاتێ ژنە گەورەکەم هاتەوەو بەمەی زانی یەکسەر لای حاکم شکاتی لێکردم " ئەمە قسەی حاجی محمد بوو کە تازە ژنی یەکەمی تەڵاق دابوو.

لەگەڵ ئەوەدا کەوا ئاینی ئیسلام ڕێگەیداوە پیاو لە ژنێك زیاتری هەبێ، بەڵام بە دەگمەن سەرکەوتن و پێکەوەژیانێکی دروست لەم پرۆسەیەدا دەبینین.

" حاجی محەمەد دەڵێت " چەندژنە بۆ پیاوی زۆردار و زاڵم باشە چونکە دەتوانێت بە زەبری هێز هەموو شتێك یەکلایی بکاتەوەو کێشەکان چارەسەر بکات " ئەو ئاماژەی بە پیاوێکی ناسراوی دەڤەری شارەزوور کرد کە چوار ژن زیاتریشی هەیە. حاجی پێیوایە پیاو لەبەر چەند هۆیەك ژنی دووەم دێنێ یان ژنی یەکەمی جوان نییە، یاخود منداڵی نابێت، یان نەخۆشە، حاجی (بەپێکەنینەوە) ووتی " زۆرجاریش پیاو کە دەوڵەمەند بوو یان پیاو دەکوژێ یان ژنێکی تر دێنێ . بەڵام من لەبەر ئەوەی ژنی یەکەمم منداڵی نەدەبوو ژنێکی ترم هێنا، ژنی یەکەمیش یەکسەر داوای تەڵاقی لێکردم و تەڵاقم دا "

حمە نەجمی هاوڕێی حاجی محەمەدیش ووتی" من بەدەستی خۆم ئاگر لە ماڵی خۆم بەرنادەم و ئاژاوە ناخەمە ناو ماڵ و منداڵەکانمەوەو بیر لە ژنی دووەم ناکەمەوەو پیاوی دوژنەش نەك جارێك هەزار جار جەرگی کونە "

ڕەفیق حاجی عارف سەرەڕای ئەوەی کەوا زۆر حەزی لێیە بیکات بە دوو ژن و توانای مادیشی زۆر باشە بەڵام ناوێرێت ژنێکی تر بهێنێت.

ڕەفیق دەڵێت" لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەییم هەیەو حەزدەکەم بیکەم بە دووان، بەڵام دڵنیام کە ژنی یەکەمم قبوڵی ناکات و هەموو منداڵەکانیشم پشتگیری لەو دەکەن" ڕەفیق ئاماژە بەوە دەکات کەوا چەند کەس دەناسێت کە دوو ژنیان هەیەو ژیانیان لێ تاڵ و حەرام بووە، ئەو بڕوایشی وایە کەوا دەگمەنە پیاوێك ژنی دووەمی هێنابێ و ژیانی نەشێوابێ و دونیایەك کێشە ڕووی تێنەکردبێ.

هەندێك لەو پیاوانەی ئارەزووی ژنی

دووەم دەکەن لە ترسی خێزان یان دروستبوونی کێشە لە ئایندەدا ناوێرن ئەنجامیبدەن.

خالید ئەحمەد دەڵێت " لەگەڵ هێنانی ژنی دووەم ژنی یەکەم و گەورە لەلایەن پیاوەوە فەرامۆش دەکرێت و پیاو هەرچی سۆز و خۆشەویستییە دەیداتە ژنی نوێ و بە مەفهومە شەرعیەکەش دادپەروەرانە مامەڵە ناکات لە نێوان ژنی یەکەم و دووەمدا " خالید باس لەوە دەکات کە لە هەموو ڕوویەکەوە توانای هەیە و حەزیشی دەکات و ژنی یەکەمیشی ناشیرینە، بەڵام دەترسێت کێشەی بۆ دروست ببێت بۆیە ژنێکی تر ناهێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە ناتوانێت دادپەروەر بێت، خالید بڕوایشی وایە پیاو کە ژنی تازەی هێنا ئیتر ژنی یەکەمی بە تەواوی فەرامۆشدەکات و وا هەست دەکات تەڵاقیداوە.

بەڵام مامۆستا بەکر ئاماژە بەوە دەدات دوو ژنی هەیە و هیچ کێشەیەکی خێزانیشی نییە و هەردوو خێزانەکەشی لە حەوشەیەکدان و بە شانازیشەوە دەڵێت " زۆر دادپەروەرانە لە نێوانیاندا دەجوڵێمەوە و مافی کەسیان پێشێل ناکەم "

لاولاو والی کە ژنی دووەمی پیاوەکەیەتی دانبەوەدا دەنێت کەوا پیاوەکەی زیاتر خۆشدەوێت و دەڵێت" پیاوەکەم مەیل زیاتر بە من دەدات و منی زۆرتر خۆشدەوێت و زیاتریش لای من دەمێنێتەوە. بەڵام هەوێکەم و منداڵەکانی وەکو دوژمن سەیرمدەکەن و زۆر ڕقیانلێمە و بەردەوامیش قسەی ناشیرینم پێدەڵێن و پیاوەکەشم گیری خواردووە بە دەستیانەوە "

ئامینە خانیش کە ژنی یەکەمی پیاوەکەیەتی دەڵێت " لەو ڕۆژەوە مێردەکەم ژنی دووەمی هێناوە بە تەواوی من و منداڵەکانیشمی وازلێهێناوەو مانگی جارێك سەردانمان دەکات، وا هەستناکات کەوا ئێمە ژن و منداڵی ئەوین".

بەڵام هەندێ لەو ژنانەی کە ژنی دووەمیان بەسەردا هاتووە ڕای جیاوازیان هەیە خانم حەمە ئەمین دەڵێت " لەگەڵ ئەوەشدا کە من ژنی گەورەو یەکەمی پیاوەکەمم، بەڵام پیاوەکەم زیاتر منی خۆشدەوێت و ڕێزی من زیاتر دەگرێت و هیچ کێشەیەکیش لە نێوان من و هەوێکەمدا دروست نەبووە" خانم باس لەوە دەکات کەوا لە سەرەتاوە ترساوە گەر پیاوەکەی ژنێکی تازەبێنێ ئەم فەرامۆشدەکات. بەڵام وا دەرنەچووەو ئێستا لە پیاوەکەی و هەوێکەشی زۆر ڕازییە.

ئەحمەد ڕحیم کە خاوەنی دوو ژنە و دەمێك نییە ژنی دووەمی هێناوە زۆر بە نیگەرانییەوە باس لە حاڵ و ژیانی خێزانداری خۆی دەکات و دەڵێ " هەڵەیەك بوو کردم کەوا ژنی دووەمم هێنا، لەو ڕۆژەوە ئەم ژنەم هێناوە ئیسراحەتم نەکردووە، ماڵم هەمیشە پڕە لە ئاژاوەو فەرتەنە ئێستاش هەردوو ژنەکەم دەرکردووەو تۆراون "

ئەکرەم بە دزی ژنی یەکەمیەوە ژنی دووەمی هێنابوو، ژنی گەورەشی بیستبووی کە پیاوەکەی ژنی بەسەرداهێناوە تووشی نەخۆشی دەروونی بووەو ئەکرەمیش چەند جار لەلایەن کوڕەکانیەوە کەوتوەتە بەر لێدان.

هەروەها عەلی قادری تەمەن ٢٨ ساڵ پێیوایە ئەگەر پیاو بەبێ هۆ ژنی دووەم بێنێت تاوانێکە بەرامبەر خۆی و خێزانەکەی دەیکات.

ڕێژین ئەحمەدی تەمەن ٢٢ ساڵ کە هاوسەری نەبوو وتی" پیاوێك بەبێ هۆ دووەم ژن بێنێت ئەوا ئەو پیاوە هەوەسبازە، چونکە ئەو نەگەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە ژنهێنان و هاوسەرگیری بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی نوێیە لەگەڵ ئەو کەسەدا کە خۆشیدەوێت"

هەروەها سانا سەعیدی فەرمانبەری تەمەن ٢٦ ساڵ بڕوای وایە " کە ژنهێنانی دووەم زیادەڕەوییە و خوای گەورەش ئەو کەسانەی خۆش ناوێت کە زیادەڕەوی دەکەن، زۆرجار لە ناو کوردەواریدا بۆ ناو بانگە"

شەپۆل تەمەن ٢٢ ساڵ وتی" مەرج نییە ژنی یەکەم خراپ بێت پیاو ژنی دووەم بێنێت، پیاو توانای بەڕێوەبردنی ژنی دووەمی هەیە، چونکە ژنێك ناتوانێت هەموو داواکارییەکانی جێبەجێبکات، چونکە پیاو توانا و ئارەزووی زۆرە، بەڵام بە مەرجێك عادل بێت"

سەرەڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەم نەریتە لەلایەن ئاین و کۆمەڵگاشەوە بەڵام یاسا ڕێوشوێنێکی بۆ دیاریکردوە.

مافناس سالار حەمە ڕەشید لە خانەی دادی سەید سادق دەڵێت " لە ڕووی یاساییەوە پیاو بە پاساوی منداڵنەبوون و نەخۆشی لە ژنی یەکەمدا دەتوانێت ژنێکیتر بهێنێ، بەڵام دەبێت ژنی یەکەم ڕەزامەندی پیشانبدات، ئەگەر پیاوێك بە دزی یاخود بەبێ ڕەزامەندی ژنی یەکەمی ژنێکی تر بخوازێ، ئەوا ژنی یەکەمی دەتوانێت شکاتی لێبکات و پیاوەکەی دەگیرێت و غەرامەش دەکرێت"

مامۆستا مەلا ڕێبوار بەرزنجییش دەڵێت " پێغەمبەر (د.خ) فرەژنی بە کارێکی باش و جوامێرانە ناوزەد کردووەو شەرعیش لە ڕووی مادی و مەعنەوییەوە پشتگیری ئەو کەسانە دەکات کەوا ژنی تریان هێناوە، بەڵام دەبێت پیاو بڕواو متمانەی تەواوی بەخۆی هەبێ کە بتوانێت دادپەروەری تەواو لە بواری خواردن و پۆشاك و نیشتەجێبون و نەفەقەوە جێبەجێ بکات ئەگەر نا حەرامەو ( فأن خفتم الا تعدلوا فواحده)"